ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

لەندەن 27دیسامبەر2006:

فیدراسیۆن لەگەل دوو ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا لەسەر کیشەی پەنابەران کۆبووە

لەهەفتەی رابردوودا لە دوو دیداری جیاوازدا (دەشتی جەمال) لەلایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی چاوی کەوت بە بەڕێز (سایمەن هیوز) لە حزبی لێبرال دیمکرات و ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا ،لەم دیدارەدا لەسەر بارودۆخی پەنابەرانی کورد لەبەریتانیا و ئەوزاعی سیاسی عیراق قسەو باس کرا بە تایبەتی لەسەر گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران ،بەریزیان پشتیوانی خۆیان لەکارەکانی فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرت دەربری و هاوکاری خۆیان راگەیاند.

هاوکات (دەشتی جەمال) چاوی کەوت بە بەریز (جیرمی کۆبن) ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا لەم چاوپێکەوتنەدا بەرپرسی فیدراسیۆن لەسەر راسپاردەکانی بیکەر –هاملتۆن) وچارەنووسی خەڵکی کوردستان ریگای رزگاری خەڵکی کوردستان لەو ئالووگۆرە و پێشهاتە سیاسیانە باسلێکرد بەتایبەتی مەسەلەی سەربەخۆی کوردستان هەروەها سەبارەت بە پەنابەرانی کورد و گیرانەوەی بەزۆر قسەو باس کرا و داوای هاوکاریان لێکرا.

جیرمی کۆبن بەڵینیان دا لەکۆتای مانگی 2 دا کۆبوونەوەیەکی تر بۆ فیدراسیۆن رابگەیەنێ لە پەرلەماندا بەهەدەف راکیشانی پشتیوانی و هاوکاری زیاتری ئەندام پەرلەمان و رێکخراوەکان بۆ بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانی کورد و مەسەلەی کورد.

PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK. www.csdiraq.com

d.jamal@ntlworld.com **07856032991** **Burhan Fatah** burhanfatah@aol.com 07866757213

Office: 0161 234 2784 **Jasim Ghafur** jasm_rg@yahoo.co.uk 07877489626